# ڕامانێک لە زەردەخەنە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕامانێک لە زەردەخەنە

شەونم زەندی



ناوی کتێب: ڕامانێک لە زەردەخەنە - شیعر
شیعری: شەونم زەندی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٧٨
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٣٧٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## شاری خامۆش و چەپکێک ئازار

هەوری چڵکنە... لەسەر شانی ئەم شارە
ڕووی ئاسۆی ئاسمانی... بەڕەش تەم گرتووە
ترسێکیش خۆی لە چەشنی گورگێکی هارە
چڕنووکی تیژی لە ناخمان گیرکردووە
ساڵانێکە... لەم سیا چەرخ و ڕۆژگارە
هەر تاوانە لە ژمارە بێ شومارە
لە سووچی هەر کۆڵانێکا... چەند تاوانە
مەرگی سانا، چاوەڕوان نەکراو چاوەڕوانە
زام و ئەستەم... وشەی زەرد هەڵگەڕاو...
بەرەو پنتی ئاسمانی مەنگ... هاوار دەکەن
بەسەر شاری کپ و بێ دەنگ... باڵ لێک دەدەن
ئەو وشانە... وەکو باران... دەبارنە سەر زایەڵەی زام
لە نێو ڕەمزا بوون بەپەنهان... وەک چەخماخە دێنە وەڵام
تا بانگی ئازادی جاڕدا...
خۆرێکی نوێ گزنگ بدا...

١٩٩١/٣/١٠



## ئاوابوون[١]

*بۆ ئەو تروسکەیەی لە بەیانیێکی گەشا هەڵهات و*
*لە ئێوارەیەکی خامۆشا ئاوابوو*

زەنگێکی هەردەم نەپچڕاویت...
لەسەر سینگی ئازارەکان
لێدراویت.
تا لە گوێچکەی هەموو شاردا
بۆ هەتایە... ببیسترێیتەوە
بوویتە... پانۆرامای قوربانیدان...
بۆ گیانفیدایی...
مانشێتی ناو و نیشانەکانی و
هەرگیز ناسڕێیتەوە.

١٩٩١/٨/٢٥

(١) بۆ کۆچی ناوادەی شاعیری لاو، شەهید زانا (ساکار زەندی) براو هاوڕێم؛ وشە لە ئاستیا دەستەوەستانە... لە گەورەیی ئەو زاتە و جەرگبڕی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە وشە مانی گرتووە.

## قەرەبرووت[١]

لەئامێژەنی بەفرستانێ لە سپی
بەڕەشایی شەوستانی کڕ لە کپی
ئەفسووس دایە...
بەئاوابوونی ڕەنگ
بەرگی خەمت پۆشی
ناخت بوو بەخەمستان و
قەدەر تاڵاوی پێت نۆشی.
چ ساتێک بوو
خەندەکانتی کرد بەگریەو
سوپرانۆی دابڕان؟
خەمهێنی ڕۆح
بەسەر ترازانی دیمەنەکانەوە
درزێکی گەورەی
خستە ڕۆژە ڕەنگ پەخشەکان
ئەو ساتە:
ئاوێتەی گەردەلوولی ڕەشەبای مەرگ و

(١) پێشکەشە بە دڵە پڕ سۆزەکەی دایکم، بەو فرمێسکانەی لە جێی خەندەی جارانی.. بەڕوخسارییەوەن.



هەناسەکان بۆ تۆماری ساڵی قاتی
ئەو دنیایەش لە ناختا
سەرتاپای تەمستان و
ڕەنگەکانیش نغرۆی لێڵایی لە ماتی.
ئاخ لەو ساتە دایەگیان...!
دڵی میهرت پڕ خەمی هەڵچووت...
چاوانت تا هەتا هەوری گریەن...
ناخیشت قەرەبرووت

١٩٩١/١٢/٣١

## کە پەنا بەسێبەر دەگرین[١]

لە گۆشە نیگای ماڵئاواییتدا
نیگاکان بەزەبری مەرگەوە
لە زەنگی پرسیارەکانەوە
ئیمبراتۆری عەشق
تارماییەو
لە دوو توێی یادنامەکان
ڕەنگی جوانی «کاڵ دەکاتەوە»
لە ئاوێزانی نیگاکان
«دوو دڵۆپە فرمێسکە ڕوونەکەی سەر گۆنات»[٢]
بەساتە ئاسوودە سپییەکان
«نیشتیمانێک لە: گوڵ،
لە: هەناسە؛
لە: چپە،...»
خەونێک بەسەریان دەکاتەوە
هەر لە خەونێکا...
پەنا بەسێبەر دەگرین

(١) لە گۆڤاری گوڵان ژمارە (٤٠٤) لە ٢٠٠٢/١٠/١٧ بڵاوکراوەتەوە.
(٢) بۆ کۆچی ناوادەی براو هاوڕێم شەهید (دانا) نووسراوە.



تا لە خۆرەتاوەکان
بەمیهرەوە داڵدەمان بدات.
نۆتە بەدوا یەکەکانی لێدانی دڵەکان
لەگەڵ هەژماری چرکەکانی کاتژمێری زەمەن
پێشبڕکێیانە...
ڕەشە بایێ... ساتە هەراسان و
ڕۆژە سپییەکان
ماسک دەدات.

١٩٩٢/١٠/٢٥

***

# ترس[1]

هەموو شەوێ...
لە ئاسمانی شاری ئازار...
لەگەڵ تەقەی هەناسەی شەمشەمەکوێرەو
سەگوەڕی دوای نیوە شەو
ترس دامدەگرێ و ڕاڕام دەکا...
ترسی مەرگ،
ترسی لێک دابڕان؛
ترسی... زەنگی پایانێکن،
«هەناسەی یاد» مەرگم بەیان دەکا...
ئەو کاتانە...
ئاوڕ بۆ سێبەری خۆم دەدەمەوە،
بەدوای سێبەر
تەمی گومان بە دوودڵییەوە
بەترووسکە هیواکان
نامۆم دەکا..... ن ا م ۆ.

١٩٩٣

(١) لەئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژ١٣٧ی ڕۆژی ١٩٩٩/٧/٣٠ بڵاوکراوەتەوە.



# سورەتی وەفا[1]

[هەنگاو بوویت و
نیگاکانت... ئەستێرەی ئاسمانێ بوون
ترووسکەی شاری هیوایان پێ نیشاندام،
وشەکانت... گەواهی حەقیقەتێ بوون
برووسکەی ڕۆژێکی گەشیان پێ دام...]
«لەو ساتەوە...
شەو تاراوگە و،
هەناسەم گڕ...
لە ئاوێنەی ئەم زەمەنە
تۆ قەدەر و
منی نامۆش...
لە ئازارێکەوە بۆ ئازارێکی تر
لەو ساتەوە
تۆ سیزیفی هەرێمی
ئاگر و بەفری،
قەسەمی بۆ تۆ و خەم ژیانم...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـــەی برایەتی ژ (١٢٤)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٣٠ بڵاوکراوەتەوە.

سورەتی وەفا و

ناوت... دروشمی نەمری.»

١٩٩٣/١٠/٢٤

***



## قوتابییێکی ژیرم

قوتابییێکی ژیرم
خاوەنی هەست و بیرم
گوێڕایەڵی مامۆستام
کۆشش دەکەم بەردەوام
مامۆستا وەک چرایە
هۆی ڕووناکی ڕێگایە
بە وتەی شیرین، ڕەوان
ڕەوشتی بەرز، جوان
دەمهێنێتە سەر ڕێی ڕاست
تاکو دەگەم من بەخواست
مامۆستاکەم خۆش دەوێ
چیم پێ بڵێ و چی بوێ
بێ دواکەوتن دەستبەجێ
هەر ئەو کات دەیگەینمە جێ
ناوەستم من لە ژیان
هەوڵ دەدەم بێ وچان
تا گەلی کورد سەرکەوێ
کوردستانم پێش کەوێ.

١٩٩٤/٤/٣

## حەرفەكانی قەدەر[١]

لەم شارە بێ ترووسكەدا
هەر ورشەی چاوی هۆنراوەیە
بەسەر شاری كرِو كپا
وەنەوزیەتی و ترووسكەدا
هیوایەكی كپكراو
سەردەمێكە چاوەڕوانی ئەستێرەیە
واقیعێكی ڕووكەشكراو
لە چاو تررووكانێكا...
«بوون» دەسرِێتەوە
لە تەنیا ساتە وەختێكا...
نەمری بە «عەدەم»،
خەونە ئەرخەوانییەكان،
چەندان بەهار ئەكا بە «پاییز»
لێمان یەقینە...
لێمان یەقینە...
لە زەمەنێكی وەك ئەمرِۆ...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـــەی برایەتی ژ (١٠٣) ی ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٢٠ بڵاوكراوەتەوە.



كە هەر «خەون» پردی پەڕینەوە بێ
تەمەنیش هەر وەک گەڵاكانی پاییز
لە كەلێنی پەنجەكانا... هەڵدەوەرێ
ئەمە زەمەنی یادە تاڵ و
خەندە تۆراوەكانە
تەنانەت...
حەرفەكانی قەدەریش
بەچەقۆی دەستی ئادەمییەک
ڕێگەی مەرگەسات دەگرێ....

١٩٩٤/١١

## کەرنەڤاڵی سووتان[(١)]

ئای! کە ئەمشەو چۆن شەوێکە؟
شەوێکە پڕ خەم... کش و مات
دڵی من و شەویش...
وا بۆ لێدانی دواترپە...
گوێیان بۆ یەک هەڵخستووە...
چۆن شەوێکە؟
ئاسمانیش سام دایگرتووە!
دێوەزمەی ترسی سبەی بەرێوەیەو
هێند نەماوە بگاتە جێ...
ئۆخژنی دواساتی شەوە
قەلا خەو لە چاوانی تۆراوەو
هاوار ئەکات...
فەرمانی مێردەزمەکان...
چی بوو هەر نەگەیشتە جێ...؟
درەنگ شەوە...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـــەی برایەتی ژ (١١٤) لە ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٢، هەروەها لە ڕۆژنامـــەی دەنگی مـــیللەت ژ (٤٣) لە ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١ بڵاوکراوەتەوە.




درەنگ شەوە و
(مالارمێ)یە،
بەرەو شاری نەم[(٢)] بەرێوەیە...
دیاری دەستی «بانکیتۆیەک»ە[(٣)]...
تا لە بەردەم پارێزگادا...
ئێسک و پروسکی دڵی بیر ڕووناکانی
لەسەر دابنرێ...
جا قەلا چۆن توانست بکات
بە بەرچاوییەوە...
لە پێشانگای سووتانیدا...
دیمەنی گڕو دووکەڵ
لەسەر تابلۆی ئازارا ببینێ؟
ئەمشەو هەرچی دیوانە شیعر و
تابلۆ و چی ڕەنگە...

(٢) نەم: مەبەست لە شاری هەولێرە.
(٣) بانکیتۆ: چەند مێزێک یان ستاندێک کە بەرهەمی هونەری لەسەر قایم دەکرێ.
[ئەم شیعرە بۆ شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی خاوەن بڕیاری خۆسووتاندن نووسراوە]
ئیحای ئەم شیعرە و بەکارهێنانی وشەی (بانکیتۆ) لەمە یەک دەگرێتەوە... کە خۆسووتاندنی ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی شاری هەولێری خاوەن هەڵوێست دژی شەڕی براکوژی لە گۆڕەپانی بەردەم پارێزگا... لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو بانکیتۆیەی کە ڕەخنەساز و شاعیری فەرەنسی (مالارمیە) بۆ هونەرمەندی فەرەنسی (پۆل گۆگان)ی هاوڕێی دادەنێ لە ٢٣/مارتی ١٨٩١.

له كۆستی ئەمجارەیاندا...
كز و مەلوول...
بەسوپرانۆی تیژ،
بەئازاری بورگەوە...
لاژەی كۆچ و سووتان
دەڵێنەوە...
دەنگی وشەش...
هاوارەكانی (ژان دارك)یان
پێیە
كە چۆن لە دوای سووتانیدا...
«وشەكانی بوونە گڕ و
دڕیان بەڕووی تاریكی دا...؟»
تا بیر ڕووناك بێتە مەیدان
بۆ بەرگری لە:
«ئازادی... مافی ئینسان»
كەچی لێرە...
بڕیاری وەرزە سووتانێ...
دوا بڕیارە
شیعرێك لە كەلێنی پەنجەكانما...
بۆ ئەم شەوە... بەئازارە
دوا كارەسات
سووتانی هەناسەی شیعر و



ڕەشكردنەوەی ڕەنگ و وشە
هاوار ئەكات...
كەی ڕەوایە...
دڵی بیر ڕووناك گڕ بگرێ؟
وشەش ... لە ئامێزی هیوا
لە خاچ بدرێ...
دەسا با ئەم گڕە گڕی سەركەوتن بێ...
گڕی سەركەوتن بێ.

شەوی ٢٣-٢٤/١/١٩٩٥

***

## مانشێتی خەم و عەشق[١]

[لە ئاوێنەی ئەم ڕۆژگارە
تۆ «بۆ سووتان ناونیشانیت...»
بەتەوێڵی شاری خەم، نەم
تۆ «مانشێتی خەم و عەشقیت...»]

خەمی پیرۆز...
بۆ پێم ناڵێی؟
لە پاڵ کێوی کام حەقیقەت
دڵی گڕ گرتووت دادەنێی...؟
بەدوای خەمدا...
بەکام! ڕچەی هەڵەمووتا
هەڵئەزنێی؟
«ئەی نامۆتر... لە نامۆیی!
لە نامۆیی شەوانی کەنار دەریای
ئاوارەیی...
ئەی نەورەسە خەمگینەکەی
دنیای شیعر و خەم و بێ ئۆقرەیی،

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٢٩)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٦/٤ بڵاوکراوەتەوە.



لەم دەڤەری عەشقەدا...
ڕوو لە کامە سەرابەکەی!
پەیامی گریان و سووتان
بۆ کام ئاسمانی بەرز ئەبەی؟
ئاسمانی خۆر و ئەستێرە
یان ئاسمانی هەور و باران...»

١٩٩٥/١/٢٤

***

## نیگاکانت هەنگاوی نوێن[1]

لەم وڵاتی گڕو بەفرە
وڵاتی بەبێ کۆمار
تۆ...
ناسنامەی ڕێگەی هات و نەهاتمی و
لە چاوانما ئەتخوێننەوە...
شەوانەش:
لە سێبەری نیگاکانتا...
لە چاوی خەونە دوورەکان
لەگەڵ هەموو ئەوانەی شەو تاکو بەیانی
گۆرانی بۆ خۆر دەڵێن:
بە «چرکەی ژان»
دەتبینمەوە...
تارماییت و
زەمەنێکە... بۆ ڕۆحی سپیم
هیوایەکیت...
لە ناخی ناخما...

---

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـەی برایەتی ژمـارە (١١١)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١/١٥ بڵاوکراوەتەوە.



تا دێ گەورەتر و گەورەتر دەبێت...
هەر بۆیە...
خەمەکانت... هاوڕێی فرمێسکەکانمن و
نیگاکانت... هەنگاوی نوێن.

١٩٩٦/١/١

***

# سەرابی ڕۆح = ؟! ..............

١٩٩٦

١؟ لەموناجاتی حوزنەوە
بەدوای پرسیارە بێوەڵامەکان کەوتم
لە سۆنگەی ئەوە
پە نجەی شایە تمانی قرتێنراوی خۆمە
دۆزییەوە

شە پۆلی دەریا
نووسییەوە



٣ ؟ بەدوا سۆراغی عەشقەوە
حەون؛ سەرابستانێک بوو،
هەڵکردنی گەرمە باى بیابان بوو
سەنفۆنیای
ناڵەوینی
بەگوێچکەی

٤؟ حەون،
گەردبوونەوەی وردە لمی عوربارستان
پۆرترێتی تابلۆی کوژانی
سووتانی گوڵ و
شەهید بوون

## بارستەی خەونێک[(١)]

دڵ: بیبلیۆگرافیای یادەکان

تۆمارگەی سات بەساتی ڕۆژەکان

لە دوو توێی یادەکانا

لەگەڵ شیرین ساتەکانا

بەئاوازی خەونە دوورەکان

خەومەبینی...

بەئازارستانێک ڕادەبووردم

کە شەقامەکان دەیانڕوانییە ڕووم

گەڵای درەختەکانیش... وەریو

بە «نەوای دابڕان»ەوە

«سمفۆنیای نامۆیی»یان

دەژەنی...

خۆم ئەبینی...

ڕێبوارێکی وێڵی ڕێگەیێکی دوور بووم

سەرم لە نێو هەورە چڕەکاندا...

لەگەڵ ئاسمانی بەرزا...

(١) لە گۆڤاری (گولان) ژمارە (٤٠٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٤ بڵاوکراوەتەوە.



لە سەرەتاتکێدا و

قاچەکانیشم

لە نێو قوڕە لیتەی سێڵاوێکی لیخنا...

چەقیو...

تەکانم دەدا... هەنگاوەکانم لە دوام نەدەهاتن.

١٩٩٦/٢/١

***

## وەهم[1]

لە کۆکردنەوەی ئەلف و بای
نامەکانی دەستی قەدەرەوە...
وشە نەوتراوەکانی ژێیە نووساوەکان...
دەبن بەئاوازی گۆرانییەکی بێ ناونیشان
بۆ ساتە فەرامۆشکراوەکانی تەمەن
فەرهەنگەکانی ئەزەلیش
«تۆماری فەنابوونێکن»،
بە واهیمە بوونی سێ یەکی خەڵگە نائاگاکەی
ئەم زەمەنە دژوارەیە،
نەبادا ببن بە:
«نووسراوێکی پەڕەنگ ئاسا»
داوای قەرزی ڕۆژە دزراوەکان
لە «شەوە وەهمییەکان» بکەنەوە.
لە حەتمیەت بوونی... مەحاڵ بوون
یەقین گومانی کرد،
لە داخستنی پەنجەرەکانی ڕەهایی،

(١) لە ئـەدەب و هـونـەری ڕۆژنـامـــــەی برایـەتـی ژ (١٨٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٤ هەروەها لە ڕۆژنامەی (خەبات) بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی عەرەبی لە ژ (١٠٨٤)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.



لە کڵۆمدانی دەرگاکان...
هەناسەکانیش: نغرۆی پەنگ خواردنەوە.

***

وەسیەتەکان... بە مانشێتێکی گەورە و
خەتێکی زیوین
لە بریسکەی ئەستێرەکان...
بەتەوێڵی ئەم ئاسمانە نیلییەدا...
جاڕی «أنا الحق»ی حەلاجێکە
ڕۆژ ژمێرەکانی ئەم زەمەنە وەستاوە
«پەنجەی ڕۆژێک،
مانگێک،
وەرزێک؛
ساڵێک.»
توانستیان نەکرد...
هەڵیانداتەوە....
مۆرکردنی بەڵێنەکانیش...
دەبن بەبڵقی سەر ئاو،
ئیمزاکانیش دەگۆڕێن.
«دۆسێی یادەکانیش»
لە حیساباتی شکۆمەندی
ئەو ساتانەی زەمەن
لە ئاست یادکردنەوەیان...
پاکانە دەهێنێتەوە.

لە نێوان
«قەدەری بوون و
نەمانی حیکمەتی وجود»ەوە
بوون: سفری دوای فاریزە و
سڕینەوەی ناوەکانیش:
لە تەک تاوانەکان
بەرەقەمی قەبەوە...
لە ژمارە نایێن...
بوون= سفری دوای فاریزە...
سڕینەوەی ناوەکان= ناکۆتا لە ژمارە.

١٩٩٦ -١٩٩٧

***



## مارشی مان و نەمان(١)

١
سەرتاپای کەون
هەڵدانەوەی پەردەی
قەدەرێکی وەهمی چەتری
سەریەتی و چرکەکانی ئەم
وەهمستانە بەسەر باڵی
فریشتەوە... لە ژێر
سانسۆری
ئەهریمەنەکانەوە
سەنگ دەکرێن.

٢
دنیا خۆرنشینە و
زەمەن لە تابووتی مەرگا
ئۆقرەگیرە...
ڕۆحی پەپوولە
موعجیزەکانیش
بەرەو خاڵی
خاڵی بوون
هەڵئەکێشرێن.

٣
لەم بازگەی
چاوەڕوانییەدا
چاوە ماندووەکان
بەدوای سڕی وجود،
قۆستنەوەی نیگا...
دەگەڕێن.

٤
زامەکان
لە نێو کەژاوەی خەمدا
بەکۆرسی ئازار
بەرەو دوندی
تەم پۆشی ئەم هەوارە
بەڕێ ئەکرێن.

(١) لە ڕ (ئە. هـ) برایەتی ژ (١٩٢)ی ١/٩/٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

٥

مەوداکانی
لێکدابڕان
لە بۆشاییە
نارنجییەکانەوە
بەژانێکی ئیلاهییەوە
ناوکی خەمێکی پیرۆز
دەبڕن.

٦

ساتە وەنەوشەییەکانیش
لە هەگبە بەتاڵەکانی
ئێوارەوە
نوقمی دەنگە ناسازەکانی
پەپووی سەر کاوڵاشی
ئێوارە کابووسییەکان
دەبن.

٧

لە ئێوارەی
هەورە تەمەکانەوە
بێ جورئەتی قەدەرە،
زەمەن بۆ چەند جارێک
خۆی دووبارە
دەکاتەوە!

٨

لە پێشبڕکێی شەڕی
مەرگ و ژیاندا
تازە تەمەن بەهەدەر
چوو، جا زەمەن ئەبێ...
چۆن و چی
جوابی قەدەر بداتەوە؟؟





٩

هەناسەی یاد
مەینەت بارە
لیستی چەند جار کەڕەت
بوونی قەرزی نیگا،
قەرزی زەردە... دەسپێرێتە
مەوداکانی جودابوون و
جێ ژوانگەکان بەسەر
دەکاتەوە

١٠

لە شەوە
کریستاڵییەکانی
عەشقستانیش... تریفەیەک
لە مانگ و ئەستێرە
شاباشی سووتانی
خۆری هیوای دەوێ
تا گرەوی کەڤاڵێ
بباتەوە.

١١

فیزەی سەفەرە
کۆتاییە بێ سەرەتاکان
لە بەڕێکردنی ساڵەکان
کەرنەڤاڵی شەختە بەندی
تەمەنێکن،
ڤیستیڤاڵی حوزن...
پێشکەش دەکەن.

١٢

لە کۆیادی
ناو ئەلبومەکانیشەوە
قەسیدەکانی عەشق
درووی سووتان و
سروودی نەمری
لە ئەرشیفی دڵە
بچووکەکان
تۆمار دەکەن.

١٩٩٧

# هاوکێشەکانی زەمەن[1]

چ زەمەنێکە... تێی کەوتووین؟

زەمەنی ڕق و تۆڵە،

زەمەنی خەندە تۆراوەکان،

زەمەنی خەون و وەنەوز؛

یان زەمەنی نیگا دزراوەکان؟

لە فەهرەستی نیگاکاندا

نیگاییێک بۆ ئەسەفی لێکدابڕان،

نیگاییێک بۆ قودسیەتی خۆشەویستی،

نیگاییێک بۆ گێڕانەوەی زەمەنی منالّی،

نیگاییێکیش... بۆ ئەفسوونی خەونەکان!!

لەم بازاڕی قاچاغەدا...

هەموو شتێ هەراج دەکرێ،

عەشق بەقەد پیرۆزی خۆی،

شیعر بەقەد «نەمری خۆی»؛

ڕاستی بەقەد بەرزی خۆی...!!

لەم کیشوەری عەشق و خەونەدا

---

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٧٩)ی ڕۆژی ٢/٦/٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.



ڕۆژەکان تا دێ قورستر دەبن،

شەوەکان درێژتر و

خەمەکان پیرۆزتر...

ساتەکانی ئاسوودەییش،

کورتترن لە عومری ماچ؛

چ زەمەنێکە

تێی کەوتووین؟

١٩٩٧/٥/٢١

## هاوکێشەیەکی پێچەوانە[1]

لەم کیشوەری حوزن و زام و نەگبەتییە...
بەئەندازەی ساتە ترس ئامێزەکان
«پرسیارە بێ وەڵامەکان»
دەوران دەوری
تارمایی مۆتەکەی ترس و گومانەوە
تارمایی مۆتەکەی مەرگ و ئازارەوە
لە نێو جوغزی دەرباز نەبووندا
دەبن بە ئیندێکسی ئاوارە بوونێکی نادیار
«باڵەکانی فڕینیش»
لە فڕین دەکەون
مانگ خۆی ماسک دەدا و
بێ پەساپۆرت...
سەری جەنجاڵی
بۆ دوورگەکانی عەدەم هەڵدەگرێ
تا لەوێ:
«بازنەیەک لە ڕۆشنایی و

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـــــەی برایەتی ژ (١٨٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/٣٠ بڵاوکراوەتەوە.



نیگایێک لە بەرائەت»
بەدەم تریقەی (با)وە
پەخش بکاتە
شەوە نووتەکەکانی «سنووری مەحاڵ»
و
«مەزادخانەی خەوبینین»
خەوبینین... بەو ترووسکانەی
لە ئەنگۆرەوە
پێشبینی مانگ گیرانیان بۆ دەکرێ
خەوبینین... بە شەبەنگەکانی کەڤاڵی
ڕەنگەکانی ئەو دیو کازێوە
چ میزانێکە؟
خۆ ئاسمانیش... دادو بێ دادیەتی
[بەمیزانی هەوەس،
تۆڵە...
«ئەتڵەسی کەون»
بۆ حیساباتی...
( خۆر و ئەستێرە،
مانگ و هەور و باران)
«فەهرەستێک» دەکاتەوە...
حەرفەکانی بێ نوقتەن.]

١٩٩٧/٦/٢٦

# فەنابوون[١]

ڕێگا لە تەنافێکی بێ پسانەوە ئەچێ...
ڕۆژەکان... هەر هەموویان دووبارەن
ئەمڕۆ لە دوێنێ  ئەچێ و
سبەینێش فۆتۆکۆپی ئەمڕۆیە...
شەوانە... لەم مەنفا بەرینەدا
دەچۆڕێمە ناخی ئازارەکان و
لەگەڵ هەنسکی...
دوا ئەستێرەی ئاسمانی بێدارەوە...
لە ناخی خۆما...
چیرۆکی هەزاران... نەء ملیۆنەها ملیۆنەها
بێ نەوایانی ئەم ئازارستانە ئەنووسمەوە...
لە نێو ئەزەلی ساتە پڕ حەسرەتییەکانی
نامۆیی تەمەنم
لە نیگا پڕ بەرائەتەکاندا
تەلیسمی ئاسۆگەی کیشوەری یەقین...
بەئەنێی مەملەکەتی حەقیقەتا...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٩٣)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١١ بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی (دەنگی میللەت) ژمارە (٣٠)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٧/١٨ بڵاوکراوەتەوە.



ئەخوێنمەوە...
لە نێوان حەتمیەتی «بوون و نەمان»دا
قەدەر جوغزێکی پڕ ئەفسوونە
گۆرانی کۆچ
لەم تاراوگەی فەنابوونە...
بەسەر زاری... نەورەسە غەریبەکانی
ئەم سەرابستانی عەشقەوە... دەوترێتەوە...
لە «مەحاڵ بوونی عەشق و
بەسەر چوونی ساتە گەشەکان»
قەسەمی زەمەنە... بزەی شادی... بۆ ئەبەد... نەژیێتەوە.

١٩٩٧/١٠/١٠

## [1+1=1][١]

بەبێ دەنگی
لە دووڕیانی هات و نەهاتەوە هاتووم...
بەدوای سۆراغی عومرێکی پڕ مەینەتەوە... هاتووم...
بێ دەنگییەک...
هەر وەک بێ دەنگی شەوە کش و ماتەکان
هەر وەک بێ دەنگی (بێ دەنگ بوون)
بێ دەنگی... کودەتای دەنگ کەوتنی
شەپۆڵە هەڵچووەکانی
زریانی تووڕەیی هتافاتی
(ژان دارک)ێکی ئەم مەملەکەتی حوزنەیەو
ئازارەکانی
لەم تاریکستانی زامەوە...
لە ژێر ڕێژنەی بارانێکی بێ کۆتاییدا
سمفۆنیان بۆ نامۆبوون

***

زەمەن گۆرانییێکی خەمناکە و
لە هەر کوێدا زام هەبێ...

(١) لە ئـەدەب و هـونـەری ڕۆژنـامــــــەی برایـەتـی ژ (٢١٧)ی ڕۆژی ٢٠٠١/٣/٢ بڵاوکراوەتەوە.



ئازار دەبێ؟
بەڵێ: «لە هەر کوێدا زام هەبێ... ئازار هەیە و
لە هەر کوێیەکیش...
سووتان هەبێ...
ئازار و زامیش دەبێ.
هەر برینێکیش...
بۆ پەیڤە سپییەکانی تەمستان...،
بۆ درەختەکانی ئومێد،
بۆ جەنگەڵستانی ئەم بنارە...
«هەناسەی یاد»ێکیان
پەخش کرد...
ئیتر «بێ دەنگی»
کودەتای هزر،
کودەتای چرکەکانی تەمەنێکە
لە: «ترۆپکی هەدادان و
بێهوودەیی گومان»ەوە...
«بێ دەنگییێکە»[٢] لە: سەدای دەنگی وشەکانی
(مالارمێ)وە... کە لە «شەوێکی سپی دا»[٣]...
بۆ شەونامەیەکی داوەتی مەرگ
تۆماری کرد.

١٩٩٧/١٢/١٢

(٢ و ٣) هیـمـان بۆ دوو بەرهـەمی شـاعـیـر و ڕەخنەگری فـەرەنسی و داهـێنەری قوتابخانەی ڕەمزیەت (مالارمێ)... (الصمت البخيل) و (الليل الأبيض).

## سەرابستان[1]

ژیان: سێبەری مەرگێکە بێ کۆتایی،
ڕێگاش: بەردەڵانێ پڕ کارەسات.
ڕۆژەکان: خۆریان تیا هەڵنایێ،
شەویش: تاراوگەی مەرگەسات.
ئەوە نییە؟
ئەم شەهیدستانە (سەرابستانێکە)؛
بۆ عەشق،
جوانی،
شیعر،
ڕاستی...
گۆرانییە بێ ئاوازەکان؛
تۆماری مێژووی مەرگەساتمانن و
لە دوو توێی ڕۆژە ژەنگ گرتووەکان...
جێگەی خەندە و ساتە گەشەکان...
نابێتەوە
ڕەهاییش: پەنجەرەیەکە تەماوی...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـــەی برایەتی ژ (١٧٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/٣١،
هەروەها لە گۆڤاری (ڕامان) ژ (٥٥)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١/٥ بڵاوکراوەتەوە.



هەموو ڕەنگەکانی تیا کاڵ بۆتەوە و
لە دوو توێی ڕۆژە ژەنگاوییەکانا
دنیا: ڕەشێکی تۆخ دەچێتەوە
ڕەهایی: پەنجەرەیەکە سەراباوی
«عەشق و جوانی
شیعر و ڕاستی»
تیا مەحاڵ دەبێ.

١٩٩٧/١٢/١٨

***

# کابووس(١)

لە پاکانەی خەندە دروستکراوەکانی
«پەیڤەکانی دروود»
فریشتەکان... پەیامی ئاسمانێکیان
کردە دیاری پەپوولەکان
کە جودا بوو
لە ئاسمانی خۆر و ئەستێران
سەرنجەکان...
لە پێچاوپێچی توولە ڕێگاکانی
بەیەک گەیشتنەوەدا
تیژ تیژ... گوزەر دەکەن.
لە شەوە یەڵداییەکان
تارمایی ڕۆحەکانە
بەدیار تەرمی نەنێژراوی خۆری دوێنێ...
سێبەریان لێ کردوون.
بۆ ڕۆحە سپییەکانی... پەپوولەکانیش
لە سەرابە ئاتەشییەکان...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـــەی برایەتی ژ (١٤٩)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.



(مۆغێ)یێ...
بۆتە ئێشکچی شەوارەبوون.
لە دوا ئۆخژنی ساتەکانی باوێشکەانا
گەواڵەیەک
هەرەس بەناخی ئەم شەوە تۆفانە دێنێ
لە یادی شەوە پاییزییەکانی ئاوارەبوون
تروسکەکان...
بەئاستەم لە نێو درزی تاریکیدا
دەبریسکێنەوە.
لە ژێر سانسۆر و سەیتەرەی نیگاکانی (......)دا
هەردوو جەمسەری شەو و ڕۆژ
بەخۆر و مانگ
نامۆن
نە ڕۆژ وەکو جاران لە کازێوەوە هەڵدێ،
نە «ئەنگۆرەیەکیش»
ترووسکەکانی ئەستێرەیێ
بەمەوداکانی ئاسمان پەخش دەکا...
دێوەزمەی ساتە هەراسان بووەکان
لەودیو دیوارە ئەستوورەکانی قەدەرەوە
ئەڵقە ڕیزی پەنجەرەکانی ئاسوودەیین
چیتر ڕۆشناییەکان لە نێو تەمی گوماندا
نادرەوشێنەوە.

لە ماڵئاوایی دواساتەکانی ١٩٩٧/١٢/٣١

## پانۆرامای زەمەنێکی مەرگ هێن(١)

لە تان و پۆی هۆنراوەیێکی یاساغەوە...
پانۆرامای زەمەنێکی مەرگ هێن... دەخوێنینەوە...
لەو «نۆتانەی» تەنیا لە ئاوازی غوربەتترین سەفەر
دەیانبیستین...
کە خەونێک بە شیبای چاوان دەبێ و
بێزار نابین...
لە جوگرافیای نیشتیمانێکی بێ دەنگ و باس...
ئەو دیو سنووری مەحاڵ دەبینین...
بۆیە: بەسەر پشتی قەدەرەوە
«تەمتومانی غوربەتێک»
دەبێتە مۆری تەمەنە پڕ مەینەتییەکان و ئاوێزانی دەبین.
کڕنۆشی ماسۆشیانەی هەورەکانیش
بۆ «دار بەڕوو و چیا» لە (دروودی مانەوەدان)
لە بارین.

١٩٩٨/٧/١

(١) لە گۆڤاری (گولآن)ی ژمارە (٤٢٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٦ بڵاوکراوەتەوە.



## پەیڤەکانی ڕەشنووسی قەدەر(١)

ژمارە ناکۆتاکانی تەمەن
لە شیتەڵکردنی حەوتەمین تەبەقەی ئاسمان
هاوکۆڵکەکەی= {٧ ، ١}
حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیا و
فەزایەکی نەگریس.
ماتماتیکی ژیان لە: ترس کەڕەت ئازار کەڕەت
برین/ حیساباتی تەمەن لە: کۆکردنەوەی
ڕەقەمەکانی مان و نەمان،/ دابەش بوونی
تنۆکە فرمێسکە بێ شومارەکان بەسەر زامەکان؛/
دەرکردنی «ساڵ و مانگ و چرکەکانی زەمەن»؛/
لە قەدەری نووسراو/ سەعاتی سفر زەنگی
چ ناقوسێکە؟/ فەتوای کوژانەوەی چراکان دەدا./
تارمایی مەرگ...
بۆ بێ دەنگی: پرۆتستۆی فریشتەکان؛
بۆ تەمە ئاسمانەکان: داڕژانی
ئەستێرەکانی موحیببەتە./
چاوەڕوانی: سۆراغکردنی مەحاڵێکە ئەستەم./

(١) لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٦٦)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٥ بڵاوکراوەتەوە.

تەنیایی: پەیڤێکە لە واژەی مەوداکانی
سنووره تەلبەندکراوەکانی خەون./
لە تونێڵەکانی ئەم جەنگەڵستانی
زوقم و ژانەدا/ قەدەری شوم موژدەهێنی
جاویدانی چەواشە بوونە بۆ ناشاکانی ئازارستان/
تویشەبەرەی زامەکان/ ڕێپێوانی ڕێبوارە
ماندوونەناسەکانی دووڕیانەکانی هات و
نەهاتە؛/
کودەتای تەمەن... لە ترۆپکی هەدادانا/
بێهوودەیی تۆمار دەکا!/ نیگای خەونە
سەرابییەکان؛/ لە شکانەوەی شەبەنگی
پەلکە زێڕینەدا خۆی دەنوێنێ/ فلچەی
دەست و پەنجە زێڕینەکانی بیکاسۆیێ
لە ئاسۆی سوور؛/ تابلۆی ڕامان!/ شەوگاری
تۆخ/ تابلۆی گریان دەنەخشێنێ!/
سیحری پایان/ وەسیەتنامەی ئەستێرەیە/
بۆ داڕژانی تروسکە ڕەنگاڵەییەکانی خولقان./
تەفسیرکردنی خەونەکان/ لێکدانەوەی پاڕانەوە
پەنهانەکانی فریشتەکانە؛/ تەهلیلەی زیکرەکان،/
ڕاڤەکردنی واژەی گوناه و تاوان و نەفرەتن،/
دەبێ مەحاڵی بارمتەبوونی ڕەهایی بەئاشوب چی بێ؟./

١٩٩٨/٧/١٧





## بەڕابووردوو بوون[١]

لە بەدوا داچوونی ترووسکە یاساغەکانی...
«شیبای شیعرێ»
خەم زەمەنی بۆ خۆی کێش کرد...
لە (سپێدەکانی بێدەنگیش):
نیگایێک... لە شووشەی چاوی
بەیانییێکی تەماویدا... دەخوێنرێتەوە.
لە سەرەتا بێ کۆتاییەکان
ترووسکە ڕەهەندەکانی
خۆری ئاوابووی دوێنێ
بەباڵای سپێدەدا دەگرین...
تا هیچ نەبێ...
لە پەراوێزی «وەرزنامەی خەوندا»
شاخەونێک... بنووسرێتەوە
چونکە: لە شەڕانگێزی ڕق بۆ زەمەن
هاوکێشەی ڕەهابوون
لاسەنگ نابێ...
نمایشی تارماییەکان...

(١) لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٨١) ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١ بڵاوکراوەتەوە.

فرمێسکەکانیان شڵۆڤە کرد...
پەنجەی ژانەکان...
بە مەرەکەبی زامەکان...
چیرۆکی سەفەری کۆتایی... «تەمەنێک گریە،
تەمەنێک بێ دەنگی»یان
بۆ لاپەڕەی یادەکان...
خۆشنووس کرد.
بۆیە:
لە پێشبینی ئایندەیێکی نادیاردا
«بەڕابووردووبوونی» ئەمڕۆ
لە تێکستی سبەینێ
دەنووسرێتەوە.

١٩٩٨/١٢/٣١

***



## وەسیەتەکانی عەشق[١]

وەرزی سوباتی عەشقە و
کیشوەری خەون «لە شەوانی ڕوانینا»
لە مۆڕی نیگا بەرائەتەکاندا
دەڕوانێتە:
قاڵبوونی چرکە و ساتی ئاوارەبوون
نەورەسەکانیش...
«وەسیەتەکانی عەشق»یان...
ڕاسپاردە مەرگی بەیان و
لە سپێدەیێکی بێ ڕەنگدا
یادەکانیان ئەمانەتی پەیڤەکانی قەدەر کرد و
نیگا ڕەهەندەکان
سەربردەی زەمەنێک لە ئێشیان
لە شیبوونەوەی تریفەی مانگ بۆ ڕەنگەکان
بەواژووی بێهوودەیی... ئاشناکرد بەنامۆیی نامۆبوون.

١٩٩٩/١/١

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٤٧)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٥ بڵاوکراوەتەوە.

## پەساپۆرتی سەفەرێکی نامۆ[١]

دەنگێک لە ناخەوە: «ئێوارەیەکی نامۆیەو،
هەموو شتێ لەبەر چاوتا... نامۆ دیارن...
هەر خۆتی و
لە نێو چوار دیواری ژوورەکەتا...
بەدیار تەرمی هیواکانتا
فرمێسکی سوور هەڵدەڕێژی... و
هێدی هێدی...
بەسەر ئەم تەرزە مەرگەت...
چرکەکانی کاتژمێری عومری بەهار نەدیوت...
دەژمێری و میلی کاتژمێری ژوورەکەت...
بەئاوازە خەمناکەکەی ناخت
هاوبەشی ئەم خەمەتە...
تۆش بێ هوودە...
یادەکانت... لەناو دڵتا دەنێژی
تابلۆی داهاتووی ڕەشت... وا لەبەر چاوە و
چاک دەزانی...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١١٨)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٣/١ بڵاوکراوەتەوە.



هەر ئەم شەوەت بەدەست ماوە...
سبەی ئازارستانێک
دوورگەیەکی ئێجگار نامۆیە و
چاوەڕوانتە...
هەر ئەم شەوەت بەدەست ماوە
ئەم ئازارستانە نامۆیە... چاوەڕوانتە...
بێ ئەوەی «ڤیزەی ئەم سەفەرەت» بڕیبێ...
پەساپۆرتی کۆچکردنت لە دەستایە...
پەساپۆرتی کۆچکردنت لە دەستایە و
ئۆقرەت نەماوە...
چاک دەزانی...
گەر دڵت هاواری کرد...
پەردەی بێ دەنگی دڕی...
«چەقۆی ئازار» سێبەری لێ کردوویت و
بەتۆمەتی یاخیبوونت
دڵی پڕ سۆزت... شەق دەکات
ناچار...
چارەنووست دەدەیتە دەست قەدەری شوومی
لێکدابڕان...
ڕووەو هەواری خەم...
چەپکێک ئازاری ترو «کۆتەڵی خەمی نوێ»
سەرباری خەمەکانت دەبێ،

تا هەتایە... لە « دوورگەی ئاوارەیی»
بەپەساپۆرتی ئەم سەفەرەت
دەگۆڕیتەوە... خەونت... هیوات.
ئەسەف «کچی ناسۆر» چ سەردەمێکە؟
«خەون و هیواکانت» بەپەساپۆرتی ئەم سەفەرەت
دەگۆڕییەوە...
چ سەردەمێکە «کچی ناسۆر»
لە یاخیبوون... بسڵەمییەوە؟
گەر ئەمڕۆ یاخی نەبیت...
سبەی بێ شک... نامۆتر دەبیت...
نەکەی «کچی ناسۆر»
سوجدە بۆ «وەرزی وەرین»
ببەی...
نەکەی...
بەم ڕازی بوونەت «دەرگای ڕەهایی»
بەڕووی هیواکانت داخەی...
نەکەی...
دوورگەی نامۆ...
بکەی بەهەواری تازەت...
تۆش مرۆڤیت...
خاوەن هەست و چاو و دڵ و بیری خۆتیت...
ببە بەدەنگ...



بەزریانی تووڕەیی...
دنیا پڕکە لە بانگی سەربەستی.
ورە بەرز... هەنگاو بنێ...
ببە بەڕەنگ...
بە «نیگای خۆرێکی گەش»
شەوی تاریک ڕاو بنێ.

١٩٩٩/٢/١٤

***

## سپێدەی ئاوارەیی[1]

لە شەوە... یەڵدایییەکانی قەدەرەوە
ڕۆحە پەرتەوازەکان
بەدوای سێبەری ئەو چرایانەی
کە زەمەنێکە...
بێ ترووسکە کراون... وێڵن...
هەنگاوەکانی تەمەن...
لە بازنەی «بەزەمەن بوون»
هەرەس هێنن؛
مەراسیمی حوزنە و
لە میانی «بڕواو بێ قەناعەتیدا»... گومانەکان
هەرەسمان پێ دێنن
گومان لە: بوونێک بێ ویستی خۆمان؛
لە: ناو و سێبەری خۆمان،
گومان لە: بەیەک نەگەیشتنی هێڵە تەریبەکان،
لە: قەدبوونەوەی لاپەڕەی یادەکان.
بێ دەنگییێک... خۆی دەنوێنێ؛

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (٢٤٥)ی ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢١ بڵاوکراوەتەوە.



دوورگەی خەون...
کە کۆنترۆڵی ئەم عەشقستانەی پێ ناکرێ؟
عەشق بۆ خاک،
گوڵ...؛
باران...
ترووسکەکان... دەتارێنێ
تەمتومانی ڕۆح
لە سپێدەی ئاوارەیی؛
حەزە سەوزەکانیش... لە بازنەی بێ ڕەنگیا...
بۆ پەیژەکانی زەمەنێک لە مەنفا»...

١٩٩٩/٧/١

***

## دۆسیەی ساڵنامەکانی سەدەیێک[1]

لە ئاوابوونی ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان...
زەمەن گرافێکە...
بەچاوانی خەون دیتەی «خدر»[2] نەبێ...
ناخوێنرێتەوە...
میلی کاتژمێرەکانی زەمەنی ئەنتەرنێت...
ڕێبەری زیندە خەونێکن
بانگهێشتی عومرێک لە خەونی ئەرخەوانی
دەکەن،
هەر لەودیو پەنجەرەکانی گومانیشەوە...
پەپوولە موعجیزەکانی
باخچەی گوڵە نایلۆنییەکان...
بە کەوشەنەکانی کێڵگەکانی شەڕ
تەی دەکەن
هەر بۆیەش...
«قەدەر» پسوولەی مەرگی
مۆڕی دووچاوی پڕ بەرائەت و

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٦٢)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/١/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.
(٢) مەبەست لە «خدری زیندەیە».



دڵێکی پڕ میهری
لە چاوەڕوانی گۆدۆییێکا...
بەخشییە...
خشتەی بەکەڕەت بوونی زەمەن و
نەگەیشتن بە: وێستگەی دیدار».

دواساتەکانی ١٩٩٩/١٢/٣١

***

## سوپێری زەمەن(١)

لە ڕێگە ئەفسووناوییەکەی
خەونستانەوە...
چرپەی نازی فریشتەکان... دەبیستم؛
ئاوێزانی دەنگی (با) و
شەپۆڵە سەرشێتەکانی غوربەت
دەبن؛
لەودیو کیشوەری تاوانەوەش
موسافیری شەوستانێ
لە جێی ژوانگە خاپوورەکان
ئیکلیلێک لە:
«گوڵ و گەڵای» تەمەن
دادەنێ
نەوەک یادی خەونە لەبارچووەکان
گوم بن.
ئەمە زەمەنی
«گوناه و تاوانە» و...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٧٥)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٥ بڵاوکراوەتەوە.



کەژاوەی مەرگێ ناوەخت
هەر چرکەو ساتێ
بەم نێرگزە جاڕەدا...
بەڕێ دەکرێ؛
کەوابێ:
«ژیان» نوشتەیەکە
بەدوعای پیرەژنێ
بەتاڵ دەبێ.
ڕێگاش= خولانەوەیێکی بەردەوام.

٢٠٠٠/١/٢٤

***

## بەخەون بوون[(١)]

دنیا: ئێوارەیەکی خەمگینە و
سەفەری ڕۆح بەردەوامە...
بۆ مەنزڵگەی یادەکان
بەستەڵەکی چ ڕقێکە...
ناوەکان بۆ نغرۆبوونێکی بێ سنوور؟
کە دەڕوانینە گۆشەنیگای سەرنجەکان...
«ئاوێزەی ڕەنگەکان»
دوورن... دوور.
باخچەکانی هیوا
گوڵی فرمێسک پەخش دەکەن...
چرکە چرکی کاتژمێرەکان
نۆتەی «دزینی تەمەن»
لە «زەمەن» تۆمار دەکەن.
تۆمارەکەن... نۆتەی «دزینی تەمەن»،
کە نوێژەکان...
ئاوێزانی چرپەی نازی فریشتەکان...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٠٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/١١/١٧ بڵاوکراوەتەوە.



دەبن
نزاکان...
چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکانی ئەم ئاسمانە...
دەبن.
هەموو چاوەڕوانییەکانیش...
دەبن بەتارمایی خەونێ.
سا لە خەوبینین زیاتر چیمان لە دەست دێ.
تەنانەت... چارەنووسیش...
بەڤالای خەون دەسپێرین...
تا مانای بوون... لە فەرهەنگی ئەزەل
بنووسینەوە
بۆ «ماهیەتی بوون»
بەختی خۆمان بە چی بگرینەوە؟

٢٠٠٠/٢/١٤

***

## (......)[1]

ڕۆژانێ زۆر هاتن و چوون
دیوی ناوەوەی ئەم ڕۆژانەمان...
خوێندەوە؛
ئەو ڕۆژانە...
«سروودی مەرگ، ژین، خەم،......»
بوون.
بووینە «کۆرسی ئازار» و
لە (کۆنسێرتێکا)
بە: «سەدای ئاهەکان»
لەناو بێدەنگیدا
دەمانوتنەوە.
سەرمان بەتاقەکانی مێژوو داگرت...،
مێژوو... هیچی ئەوتۆی بۆ نەدرکاندین...
وەرزی خەمە و
لە ئاوێنەی چاوی ئەمڕۆ و دوێنێدا...
ڕەنگەکان...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢١٤)ی ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٩ بڵاوکراوەتەوە.



ئاوێزانی ڕەگی شەو و بێ دەنگین.
تراویلکەی ئەم هەوارە
بەسەرهاتی ڕەشەبای ناوەخت،
سووتانی گوڵ،
ئاوابوونی ئەستێرە؛
مەرگی درەخت
بۆ خۆزگەیەکی
بەر شەستەباران
دەگێڕێتەوە.

٢٠٠٠/٣/٢

***

## به مۆدێل بوون[1]

لەم سەرابی خەونەدا...
وەرزی خەمە و
مرۆڤ تا گەورەتر دەبێ
سێبەری بچووک دەبێتەوە
لە تەتەڵەی لێوەکان و
زەردەخەنەی گلێنەدا
گرێبەی یادەکان
بەسوپرانۆی ئێش
دەکرێتەوە
بۆیە:
لەم زەمەنی بەمۆدێل کردنەدا
پێشانگای ئازار
لە تابلۆی زامەکان و
سووتانی سەر پەنجەکان
بەسمفۆنیای شیعرێکی ڕەنگاڵەیی
دەکەمەوە...

(١) لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٢٥)ی ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٤ بلاوکراوەتەوە.



لەم زەمەنی بەمۆدێل بوونەدا...
وەرز شەوێکی پاییزییە و
بۆ بیردۆزی «عەشق، ژیان، نەمری،...»
ترووسکە سۆز بەخشەکانی ئەستێرەیێ...
لە نێو لەپی دەستما دەگرمەوە...
تا: «ئاسمانێک لە ئەستێرە،
دونیایێک لە گوڵ»
ئاوێزانی نەرمە پیاسەی پەپوولە ڕەنگ پەخشەکان...
بەن...
لە پەخش بوونی «ڕەنگ و جوانیش»
سەدای دەنگەکان... ئاوێزانی نیگا بەهارییەکان دەبن.

٢٠٠٠/٣

***

## نێت(١)

له شیکاری پرسیاره ناکۆتاکانی
براوه و دۆڕاوەدا...
زەنگە نەپچڕاوەکان...
له «دیدی وشە و
هزری خامە»...
لەسەر سینگی ئازارەکان
دەست پێ دەکەن و
له گوێچکەی خەم... دەیانبیستینەوە...
ساتە وەنەوشەییەکان
تۆماری نێو یادنامەیێکن
ڕۆحمان
له سێبەری ئەو ساتانە
هەڵئەکێشین...
تا گرەوی «بەژین بوون» ببەینەوە
له تێکشکان و بەیەک نەگەیشتنی «نێتەکان»
دڵەکان دەبنە... بیبلیۆگرافیای یادەکان

(١) لە ئەدەب و هونەری (برایەتی) ژمـــــــارە (٢٣٣) ڕۆژی ٢٠٠١/٦/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.



هێڵەکانی دووری... له جوغزی لادان
تەریب دەبینین...
بۆ وەرۆح هاتنەبەری چرپەکان...
بۆ هەڵدانەوەی ئەدرەسی... ساڵ و وەرزەکان
ئەو حەرفانەی
بەسەر تەنافی بەژینکردن هەڵخراون...
خاڵیان لەسەر دابنرێ...
تا چیدی نیگا کزەکان
له چاوەڕوانی «گۆدۆدا»
نەبن بە خاڵی سڕینەوە.

١٢-٢٠٠٠/٧/١٧

***

## ئێست[1]

ئەم فەزایە...
هەرێمی ئێشە و
پێناسێ بۆ «ژان و برین»
لەبەردەم هەر وشەیێ
هەر ئێستێ
پەردە تەنکەکانی خامۆشی
دەبن بەدیواری بەرلین...
ئەهریمەنەکان... لەبەردەم هەر حەقیقەتێ
بێ ئەوەی ئێستێکیش بکەن...
هەر بۆخۆیان ئاستەنگێکن...
لە ساویلکەیی ئەم خەڵکەدا...
هاوکێشەی ڕاهاتن بە: «تارمایی، مۆتەکە، نامۆیی»
سەرەنجامی هەموو ڕێگەکانە و
هەردوو جەمسەری شەو و ڕۆژ تیایدا... یەکگری خاڵێکن
ئەنجام: خەون= سەراب، تەمەن= خەزان.

٢٠٠١/١/٣١

***

(١) لە (ئە. هـ) ڕ. برایەتی ژ (٢٣٨)ی ڕۆژی ٢٠٠١/٨/٣ بڵاوکراوەتەوە.



## ئاهێک لە ئاوابوونی مانگ

لە پێشهاتی ڕوانینەکاندا
پەخشنامەی ڕۆندکە بێ ئۆقرەکان
بانگەشەیەک بۆ:
«وشکبوونی دڵۆپە بارانە
حەسرەتاوییەکانی چاوی ئاسمان و
سێرەیەک لە: بریسکەی ئەستێرەو
ئاهێکیش لە: ئاوابوونی مانگ»
بەسەر مەنفایێک لە:
«گوڵ و چرپە و هەناسە»
فەنابوونی ساتە پەمەیییەکانی
تەمەنێکی بەهاری
لە «وەرزی وەرین»
دەخوێنرێتەوە...
لە ئەدرەسی خەونەکانیش...
«نیگا، چپە، زەردە»
ئاوێزانی... ڕەهابوونی ڕەنگەکانن...
هاوکات...
زەمەن لاپەڕەی ئەم خەونە بەهارییانە...

به پێشنووسێ لە:

«سەراب،

مەحاڵ»

بەڤالآیی عەشقستانا...

دەنووسێتەوە.

١٢-١٧/تەمووزی/٢٠٠١

***



## زەمەنێک لە وەنەوز[١]

کە ڕۆح بەشیعر ئەسپێرین!

موناجاتی دڵە مەحزوونەکانە

بەچرپەی ئازار

لە شەوانی خامۆشکراوا

بەئیقاع...

سنووری دوورگەی عەشق

ئەبڕێ...

فەرهەنگی ڕەنگ...

موچڕکی ژان...

لە سینگی زامێکا ئەگرێ...

لەم فەزا نەگریسەدا

بێ دەنگی...

سەرپۆشی ڕۆژەکانە...

سەرتاپای کەون

بەر سیستەمی ... «بەجیهانی بوون»

ئێرە: ئێوارەیەکی کابووسی و

ئەنفالی پەیڤە سپییەکان.

---

(١) لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٣٦٩٢)ی ڕۆژی ٢٢/٥/٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

له ژێر ڕێژنەی...

ئەشکی چاوان...

نغرۆی بە... «عەدەم» بوون،

ئاوابوونی ڕەنگەکانیش...

ئاوێزانی «بێ ڕەنگ بوون»...!

٢٠٠١/١٠/١١

***



## ڕامانێک لە زەردەخەنە[1]

لە نێو شەپۆلی سەر هەڵگرتەی تەنیاییمدا...

کات: لەسەرخۆ و

ساتەکانی ئاوابوونی مانگ:

ڕەهابوونی تەمەنێکی بێ ئاگابوو،

ڕامانێک...

لە زەردەخەنە سیحراوییەکەی مۆنالیزا...

نهێنی پێکەنینێک بوو...

لە نێو پەستی «پیرۆزەیی خەمێکا»

ڕوابوو.

بۆیە:

لە پەنجەرەی ئەم وەرزە سەختەدا...

کە ژوانی ئازار... لە قووڵایی برینەوە

سەرچاوە دەگرێ...

«گوڵە بەهارییەکان» بەپەنجەی ناز

وەنەوز ئەیانگرێ.

٢٠٠٢/١/١

***

(١) لە ڕ. برایەتی ژمارە (٣٧٥٨)ی ٢٠٠٢/٨/٧ هەروەها لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە (١٠٩٧)بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە لە (٢٠٠٢/٩/٢٧)

## سمفۆنیای ناهیوایی[1]

لەم وڵاتی گڕو بەفرە
شیعرە ساتێ...
لە سەنتەری دووڕیانێکا
لە میانی خەم و شەودا...
گیرکراوە،
لە پەخشی خەمە هەناسەی ئازارێکا
چەندین جارە... مەرگی بەباڵا بڕاوە
سازەمەن هەر... خولانەوە...
لە مۆمیابوونی خەندەی لێوە بەئاستەم کراوەکان
نمایشی ڕۆژە قورسەکان
دەبینرێن
کە پانۆرامای پاییزێکی
لەخۆ بووردوون
لە کاڵبوونەوەی ڕەنگەکان...
بۆیەکان زۆر زوو دەچنەوە...
نیگاکانیش...
هەر مووسافیری بێ پشوون

(١) لە گۆڤاری گوڵانی ژمارە (٣٩٥)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/١٥ بڵاوکراوەتەوە.



لە مەنزڵگەی یادەکان...
گوڵباران دەکرێن
کە کۆتایی بێ سەرەتا...
«سمفۆنیای ناهیوایی»
سەفەری سەرابە خەونەکان...
چاوەکانیش...
پڕ دەبن لە فرمێسکی ڕوون.

٢٠٠٢/٧/١٧-١٢

***

# وچانێ لە ڕۆح[1]

چاوە خاڵییەکان... لە تەماشا
شنرۆی نووسینەوەی نیگاکانن
لە سێبەری مەرگێکدا...
مەحاڵی مانەوە...
لە ئاوێزانی ڕۆح بە «بوون»
بەگوێچکەی نەورەسەکان...
دەچرپێنێ...
لە ئێکسپاییێربوونی چرکەکانی زەمەن
عەشق تەنها لە:
«تریفەی مانگ و
کشانی ئەستێرە و
نمەی بارانا»
خۆ دەنوێنێ.

٢٠٠٢/١٢/٣١

***

(١) گۆڤاری (گولان)ی ژمارە (٤٤٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.



# ستافی خەم[1]

کۆکردنەوەی
سێ خاڵ،
سێگۆشەیەک لە:




ڕۆح وەبەر سێبەر
دەکەن
نەبوو بە «وجود»
شیتەڵبوونی ڕەنگەکان
بانگەشەی «ڕەهابوون»
دەکەن
لە کۆکردنەوەی
ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان
«ترپەکانی لێدانی دڵ؛
سەیتەرەی نیگاکان،
نۆتەکانی هەناسە...» دەخوێنینەوە،
کە پەنجەرەکان... دەکرێنەوە...
زەنگە نەپچڕاوەکان...
پانۆرامای ڕۆژگارێکی پڕ خەمن...

(١) لە گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (٢١)ی بەهاری ٢٠٠٤بڵاوکراوەتەوە.

بۆ جارێکی دی...
لە کیشوەری خەونەوە...
دەیانبیستینەوە...
کاتێکیش...
ئەستێرەیەک... بەئاسمانی تەنیاییدا
دەکوژێتەوە...
هەور دەگری...
گریانی چی؟
ئەویش بەدبینی چڕی فرمێسکە...
لە نێو ڕەشایی ئاوابووندا...
سپیتر لە ڕۆحی ترووسکە ڕەهەندەکان
سپی دەچێتەوە.

٢٠٠٣/٣

***



## کەوشەنەکانی فیراق

لە زەمەنەکانی وجوودەوە
بێ ویستی خۆمان
بەزەنگی پایانێکەوە
کەوشەنەکانی فیراقمان ناسی»...
تا لەم وێرانەیەی غروبەدا
لە نێو ڕەشێتی بەسەرچوونێک
بۆ «نارنجی بوون»
بووینە پێناسی.
بۆیە:
لە پەخشی هەناسە ئاوارەکانی
یادە زێڕینەکانەوە
کاتێ «تۆنەکانی دەنگێک»
بەسەر شەپۆڵەکانەوە...
دەبیستینەوە
هەر ئەوکات:
لە نمایشی خەونە ئەرخەوانییەکانەوە
داستانێک لە:
«سۆز و وەفا»

بەڕامانێک لە:

«کیشوەری نیگاکان»

دەخوێنینەوە.

٢٠٠٣/٥/٢٥

***



## ئیستاتیکای ڕۆح[١]

ژیان تاراوگە...

سنووره تەلبەندکراوەکان

بەستەی گریانی

پاسارییە ئاوارەکانن

لە بەرزایی بەرزاییەکانەوە

سەرگوزشتەی برینێ...

بۆ ئەندێشەی شەولەبانێ تۆمار دەکەن؛

تا لەگەڵ تۆفانی ڕقی فریشتەکانەوە

ئەستێرەکان کودەتای شەو گیران هەڵکەن،

گومان...

لەو پەنجانەی هێشووە شیعر دەگرن...

مەحاڵی گومانە...

دەستەکانمان جارێک بۆ... نزاو

دە کەڕەتی ئەوجارە

بۆ سڕینەوەی فرمێسکەکانمان

تا هێندەی لێک ترازانی دوو لێو

بۆ گوزەری خەندەیێکی یاساغ

(١) لە گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢)ی هاوینی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.

تا لە پەخشی نیگا ڕەهەندەکانەوە
بەڕامانێک:
«ئیستاتیکای ڕۆح»
بنوێنین...
جا لە پاکنووسی
دوا گرافی قەدەرەوە...
کێ
گرێنتی ئەو ساڵانەمان... پێ دەبەخشێ؟
کە چاوەڕوانی هەڵاتنی
تروسکە ڕەنگاڵەییە ئومێد بەخشەکان دەکەین.
تا لە: پێڕستی وشە نەژاکاوەکان...
بەویستی خۆمان...
دەوارێک لە: «خۆزگە»
بەسەر «تاسەی نیگاکان»
هەڵدەین...
ساباتێک لە:
«شیعر» تەژی لە:
«عەشق»
ڕۆحمان ئاوێزانی بکەین
ڕۆحمان ئاوێزانی بکەین.

٢٠٠٤/١/١

***



هەناسەیەک بۆ:

## چڵە نێرگزە وەریوەکانی بەهار نەدیو[١]

پەپوولەکانی باخی شار
لەم جەژنی قوربانە
بەگورزەیێ نیگای تامەزرۆ
چەپکێ تەوقەی دەست گوشین
بەتاسەبوون بۆ پیرۆزکردنی جەژنانە
لە گۆڕینەوەی ماچ
خەندە و نوقڵ بەخشین
هەر "ڕەنگ" بوو بۆ جوانی دەدوا
هەر "گوڵ" بوو بۆ جەژن دەڕوا
لە ئاوێزانی خەندە و نیگا
جەژن جوانتر خۆی دەنوان
لەپڕ زەنگی خەتەر لێ درا
ڕەنگی جوانی بەتەم تەنرا
هەناسەکان پەرتەوازە و
ڕۆحە پاکەکان هەڵکشان

(١) بۆ کارەساتە دڵتەزێنەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی شاری هەولێر نووسراوە.

ماچەکان هەر زوو هەڵوەران
دەستەکانیش لێک ترازان
چی دووری کردن لەیەک
لێو و چاو و دەستەکان؟
چی لێڵی کرد تروسکەی
نیگای چاوە گەشەکان؟
قەڵەڕەشی سەر پەنجەرەی ڕۆژەکان
هات... ڕەنگی تۆراند.
برینی بەژان ئاشنا کرد،
هاواری لە جەستە هەڵساند.
ئەم کارەساتە...
منارە بۆ چڵە نێرگزەکانی خۆی کڕنۆش دەبات
قەڵاش نوشتاوەتەوە و بەگریانەوە هاوار ئەکات
جەژنیان لێ کردین بەشین.
بزەی شادیش بوو بەگرین

٢٠٠٤/٢/٢



## ١٨+٨١= ٩٩[1]

لە سێبەری تروسکە ونەکانەوە
دەوارێک بۆ ڕۆحە سپییەکان
لە: بەدەنگبوونی «چەپکە وشەیێ»
«چڵە خەمێک» بۆ مانگ لە تەنیایی
لە فەنابوونی ڕەنگەکانەوە
سووڕانەوەی وەرزەکان
هەگبەی ساتە خاڵییەکان لە ئاسوودەیی
هەنگاوی تەمەنێ لە ناهیوایی
هەناسەی وشەکانی خەمە شیعرێ
چەندان تروسکە لە:
«خەون و خۆزگە»
بەخۆ دەگرێ
لە: «کۆنووسی ئێستەکان»
هێندەی هەناسەیەک بۆ ئاهێکی سەرد...؛
هێندەی چاوێک بۆ نیگایێکی پڕ ڕوانین،
نغرۆبوونێکن لە نێو جوغزی نائاگایی...
لە نێو ئەم هەموو «فەنابوون و نغرۆبوونانەدا»

(١) لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٨٩)ی ت. یەکەمی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.

پێم وایە...
لەو سەری دنیاوە هاتووم
تا لە درزە بچووکەکانی شووشە شکاوەکانەوە
ئەوپەڕی دنیا بەدی بکەم
تنۆکە ئەشکە کریستاڵییەکان
لە پرژەی چاوی ئاسمان
بەسەر ژمارەکانی...
«هەشتاو یەک و
هەژدەی»
هێڵەکانی لەپی هەردوو دەستم
هەژمار دەکەم.
کۆکراوەیێکن لە:
«نەوەد و نۆ» ناوە ئەزەلییەکانی خوا
لە سێبەری شەو نوێژێکا
نەوەد و نۆ «تریفە گزنگ»
لە «زیوینی مانگ و
ورشەی چاوی خۆر»
دنیایەکن... ناکۆتا لە... جوانی جوانییەکان
نەوەد و نۆ «چەپکە تیشک»ی هیلالی و
«گورزە نیگای» ئاسۆی
پەخشی عەشق و پەخشی میهرن.
دادەڕژێنە نێو ڕۆحەکان

٢٠٠٤/٣/٢



## کەڤاڵەکانی نیگا(١)

لەم ئۆقیانووسی نامورادییەدا
پەپوولە موعجیزەکانی باخچەکانی عەدەم
باڵەکانیان دەبەخشنە
نیشتیمانێکی وێرای وێران و بوێر...
لەم جەنگەڵی وێرانییەدا...
لە کاتێکا...
خەوبردنەوەی چراکان و
ڕەوینەوەی ئەستێرەکان
شەوەکان تارتر دەکەن...
پیاسەکانی ئێوارەش...
گومان لە: ناوی گوڵە بێ بۆنەکان
دەکەن...
«سینگڵ»ێ
پێشینەی کردنەوەی دەروازەی...
ڕازەکانە...
خەون: وێنەیەکی هەڵواسراوە

(١) لە گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٤، ٢٥)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.

له فەرهەنگی مرۆڤینیدا...
هاوکێشەی شەوە نووتەکەکانی
تیا دەخوێنینەوە...
ئەو «ڤیانە»ی لە جامخانەی یادەکانە...
لە نێو نیگایێکی شووشە بەنددایە
کاتێ کە بەتەلیسمی
سەفەری خەونە سەرابییەکانەوە...
دەیبینینەوە
دەمێکە...
بۆ ئەو ئەستێرەیەی
پەخشی تروسکەی لێ قەدەغەکراوە...
بەڵاگێڕین
بۆیە... نیگاکانمان...
بە ساباتی عەشقەوە لە: «ئۆپەرێتێک»دا
هەڵدەپەسێرین؛
وردە هەنگاوە نسێیەکانی تەنیایی
بە کەڤاڵەکانی ئاوێزەی نیگایێک...
لە «قلە ترێ» یێکدا... «وچانێ لە ڕۆح»
چاوەڕوانی پاکیزەیی خەونێ دەنەخشێنێ...
چاوەڕوانی «نیگا، چپە، بریسکە، ڕەنگ»
ساتە سفری
زەنگێکن لە چاوەڕوانی ڕوانین...



ڕوانین بۆ ئەو نواڵەیەی بەقە «شنرۆ»وە...
داستانێکە لە نەمری و
بارمتەی ئەو ساتەیە کە تەنها خەم دەڕوێنێ.

٢٠٠٤/٥/٢٦

***

## مۆتێڤ[1]

لەم سەرابی عەشق و
حوزنستانی یادەدا
لە سەفەری نیگاوە؛
چاوەکان: دەبنە سەیتەرەی ساتەکان...
دڵۆپە فرمێسکە ئاوارەکان
«مۆتێڤێکن» بۆ پەخشبوونی؛...
پارچە شکاوەکانی نینای چاوە ئەبڵەقەکان
چونکە: لەوەتەی ئەم دنیایە دنیایە
ئێمەی نغرۆی دەریای برین
تەمەن بەسەر پشتی دەریا
بەڕێ دەکەین؛
لە «بوونەوە– تا مان»
تا بە «نەبوو»ش دەبین لە دوای «نەمان»
لە نمایشی خەونە ئەرخەوانییەکان
نیگاکانمان بەپەلکە زێڕینەی
یادەکانەوە... هەڵدەخەین
نیگاکانمان هێندەی پانتایی ئاسمان
ڕەنگەکان دەبینن...

(١) لە گۆڤاری «نووسەری نوێ» ژمارە(٢٨)ی حوزەیرانی (٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە.



تەمەن بە چی بسپێرین؟
کە سەوڵی زەمەن
لە شەپۆڵەکانی دەریایە
جارێ هێمن
دە جار شێت...
لە هەژماری ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان
لاپەڕەی ڕۆژ ژمێرەکان
هەڵدەدەینەوە
بەحیساب...
ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ
هەر چوار بەرگی وەرزەکانی ساڵ
فڕێ دەدەین
لە ئێمە وابێ... لەگەڵ «زەمەن» لە پێشبڕکێ داین
لای خۆمان...
گرەو لە ڕۆژێکی نوێ
دەبەینەوە...
ئای کە بێ خەبەرین!
لەوەی زەمەن...
هەر ساڵەو بەساڵنامەیێک
ڕۆژەکانمان دەژمێرێ و
سات لە تەمەنمان دەدزێ...!
سەرژمێری ئێمە دەکا و گەواهی دەدا...
کە تەمەن... پووشی بەربایە.

٢٠٠٤/٧

# ستایلێک له عەشق[1]

ئەو کاتانەی بە کەڕەت بوونی ئازار
دەبێتە «تایتلی... خەمێک لە برینە ئێشێ»
لەرەی گەڵاییێک
پۆرترێتی ڕەنگ...
بۆ سەفەری ئاو دەکێشێ
لە حوزنستانی ڕۆحەوە
تەمەنێک لە: «پەمەیی بوون»
لە ژێر چەتری چاوەڕوانی بازنەی دیدار
بە «فلاش باگێک»
ئاوێتەی فڕین دەبێ...
لە تۆنەکانی دەنگێکەوە...
بەسەر شەپۆڵەکان...
«نۆتەی میلۆدییێ»
تەژی لە سۆز
بەتان و پۆی کەڤاڵێ
پەخش دەبێ...
«ڤینا»یێک لە ئەلف و بێی چرپەی ڕازەوە

(١) لە ڕۆژنامەی (ستایل) ژمارە (     )ی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.



خەندەییێک دەبەخشێتە
ترۆپکی ئەو ئومێدەی
ڕوانینێکە بۆ ڕامان
خەونە پیرۆزەییيەکان
نمایشی فانتازیای ڕەنگن
لە کیشوەری یادستان.

ڕۆژی چوارشەممە
٢٠٠٤/٨/٤

***

## یاداشتنامەی فرمێسک

لە دیموگرافیای عەشقەوە
تنۆکە فرمێسکە بێ شومارەکان
بۆ ئەم سەفەری ڕۆحە
دەبنە خاڵی لێکەوتن
لە هاوجێ بوونی گۆشەنیگای ڕوانینەکانەوە
لە موتوربەکردنی تەمەن
بە درەختی ئومێدەوە
وردە ماچ
تەرزەی ڕێگان
لە چاوەڕوانی گۆدۆدا
بەسەر دوورییەکانەوە
لە سەفەرەکانی ئۆقرەوە...
مەنزڵگەی یاد
بەسەر پردی نیگاوە
ئاوێزانی پەخشی ڕەنگەکانە
بۆ بەخەون بوونێکی بێ سنوور
تەژی لە سۆز چڕینێ...
بۆیە: لەم ساتە کریستاڵییەی عەشقیش
درزی پەنجەرەکانی ڕەهایی



بانگەشەی چرکەکانی ئاسوودەیین
بۆ پیرۆزکردنی جەژن
نیگاکان پڕ لە تاسە
دەبنە قیبلەنومای ڕوانینێ.

١١-٢٠٠٤/١١/١٢

***

## سێگۆشەی تەمێک

لە هەناسەکانی یادەوە
سێگۆشەی تەمێک
لە هەرەمی تەمەنێکی بەهەدەرچوو
سێبەر لە trووسکەی نیگاکان دەکات
گومانێکی هەرەسهێن
لە بازنەی نا ڕەنگی
بەواژووی نامۆیی
«قەسیدەکانی عەشق» پەراوێز دەکات
وەلێ فرمێسکەکان
هاوکێشەی چاوەڕوانییان
لە: «تەمەنێک گریە و
زەمەنێک بێ دەنگی»
بۆ ساڵێکی دی...
لە سەفەرنامەی ڕۆحەوە
نووسییەوە
لە ئاوارەبوونی نیگاکانیشەوە
هەناسەکان بەپەرتەوازەیی
«تیۆری وەفاداری»یان



لە ئەرشیفی دڵەی بچووک
دۆزییەوە.

دواساتەکانی شەوی
٢٠٠٤/١٢/٣١

***

# پەیژەکانی قەدەر

پەخش بووە
بالاّی ئازار
تەمەنێکی بەهاری
سەرسوڕمان.. ئێستەوە
بەکۆمەڵێ نیشانەی پرس و
لە ئەلف و بێی خەمێکەوە
یادێکی
نەپساوەدا
لە ژێر چەتری
بوون بەداستانی نەمری
تەژی لە ڕوانین
بەچەپکێ نیگاوە
هەنگاوەکان لە
سفرەوە



## پێڕست


شاری خامۆش و چەپکێک ئازار ........ 5
ئاوابوون ........ 6
قەرەبرووت ........ 7
کە پەنا بەسێبەر دەگرین ........ 9
ترس ........ 11
سورەتی وەفا ........ 12
قوتابییێکی ژیرم ........ 14
حەرفەکانی قەدەر ........ 15
کەرنەڤاڵی سووتان ........ 17
مانشێتی خەم و عەشق ........ 21
نیگاکانت هەنگاوی نوێن ........ 23
.............. !؟ = سەرابی ڕۆح ........ 25
بارستەی خەونێک ........ 27
وەهم ........ 29
مارشی مان و نەمان ........ 32
هاوکێشەکانی زەمەن ........ 35
هاوکێشەیەکی پێچەوانە ........ 37
فەنابوون ........ 39
[1+1=1] ........ 41
سەرابستان ........ 43
کابووس ........ 45
پانۆرامای زەمەنێکی مەرگ هێن ........ 47
پەیڤەکانی ڕەشنووسی قەدەر ........ 48
بەڕابووردوو بوون ........ 50

وەسیەتەکانی عەشق ..... 52
پەساپۆرتی سەفەرێکی نامۆ ..... 53
سپێدەی ئاوارەیی ..... 57
دۆسیەی ساڵنامەکانی سەدەیێک ..... 59
سوپێری زەمەن ..... 61
بەخەون بوون ..... 63
(......) ..... 65
بە مۆدێل بوون ..... 67
نێت ..... 69
ئێست ..... 71
ئاهێک لە ئاوابوونی مانگ ..... 72
زەمەنێک لە وەنەوز ..... 74
ڕامانێک لە زەردەخەنە ..... 76
سمفۆنیای ناهیوایی ..... 77
وچانێ لە ڕۆح ..... 79
ستافی خەم ..... 80
کەوشەنەکانی فیراق ..... 82
ئیستاتیکای ڕۆح ..... 84
چڵە نێرگزە وەریوەکانی بەهار نەدیو ..... 86
١٨+٨١= ٩٩ ..... 88
کەڤاڵەکانی نیگا ..... 90
مۆتێڤ ..... 93
ستایلێک لە عەشق ..... 95
یاداشتنامەی فرمێسک ..... 97
سێگۆشەی تەمێک ..... 99
پەیژەکانی قەدەر ..... 101